**بۆ پێویستە: « پێش ئەوەی هەر شتێ بین، دەبێ کورد بین»؟؟.....**

هەڵۆ بەرزنجەیی

Berlin 28.10.2020

ئەو سەردەمەی ئەڵمانەکان ، بەهۆی پارچە پارچەیی و فرە میرنشینی و بوونی هەرێمی سیاسی جیاواز جیاوازەوە، لەدۆخێکی خراپدا بوون لەچاو ئینگلیز و فەرەنسیدا دواکەوتوو بوون لە بوونە دەوڵەت. بۆ خۆ قوتارکردن لەم دۆخە بە دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو، کە بۆسەردەمی خۆی بەهێزترین ئامرازی خێرای لێتێگەشتن و گەیەنەر بووە، بیریان بۆ وتنی سروودێکی نەتەوەیی چووە. هەربۆیە دواتر سروودێکیان دارشت لەژێر تایتڵی «ئەڵمانیا لەسەروو هەر شتێکەوە» . ئەم بانگاشە و دروشم و سروودە یاخود مارشی نەتەوەییە، کە هەڵقوڵاوی واقعی پارچەپارچە بووی ئەڵمان و ڕاستگۆترین وەڵام بوو، بۆ ئەو دیفاکتۆیەی لە ئەڵمانیا بەرقەرار بوو کاریگەرێتی خۆی نواند. ئەم مارشە زووبەزوو بەنێو سەرتاسەری ئەڵمانیا و دەڤەرە جیاوازەکانی میرنشین و دەسەڵاتە ناوچەییەکاندا بڵاو بۆوە.- خۆ گەر بهاتایە کوردیش! بۆنموونە پێشەکی دێباچەکەی مەم و زینی خانی بکردایە بە سروودێک/ یان هەر دەقێکی تر لەو شێوە، ئەم پەیامە بە چاکترین شێوە دەگەیشتە گشت دەڤەرێکی کوردستان و هوشیاری خۆی دەبەخشییە میللەت و دەبووە هەوێنێکی بەسوود بۆ پتەوکردنی هەستی هاوبەشی کوردبوون...-

ئەڵمانەکان بە توندی و پەرۆشەوە وابەستەی ئەم بانگەواز و داواکارییە بوون و گورجوگۆڵانە دەستبەرداری حەزی کەسی و بەرژەوەندی دیاریکراوی ناوچەیی و هەرێمی خۆیان بوون. هەموو بە تێکڕا بۆ ئەڵمانیا تێکۆشان و بەرژەوەندی باڵای وڵاتیان خستە سەروو هەموو شتێکەوە.

لەوەش گرنگتر کەس ئەم بانگەوازەی ئەڵمانیای بە خەوش دانەدەنا و ئەڵمانیش لایان جێی شەرم نەبوو بە دەنگی دلێر بیچڕن....

بەڵێ ئەم ئەڵمانیایەی ئێستا، کە جێی بایەخ و ستایشی زۆرینەمانە و حەز دەکەین تێیدا بژین و سبەی کوردستانی ئێمەش بەم ئەزموونەدا تێپەڕێ و بگاتەوە بە ئەڵمانیا، بەرهەمی ئەو ئاوەز و ڕۆح و گیان و پرنسیپەیە...

کەواتە کاتێ پارتێکی نەتەوەیی وەک پاسۆک دەڵێ: «پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ کورد بین» پێویستە بەچاوێکی واقعیی و هەستێکی پاکەوە وەریبگرێ . چونکە دیسان ئەم دروشمە دوای خوێندنەوەیەکی ورد و بە دیقەتی مێژووی کورد و شۆڕش و ڕاپەڕین و دامرکاندنەوە و شکستەکانی ڕسکاوە. بە کورتی زادەی واقعی بندەستی و زوڵملێکراوییە. بەڵێ کوردبوون لەسەر و بەرایی گشت ناسنامە بچووک و هەرێمییەکان و سەرتاپای هزر و ئایدۆلۆژی و بیروباوەڕی مەزهەبییەوەیە.هاوکات ئەم دروشمە چ ئاماژە و نیشانەیەکی بۆ پیرۆزی و گرنگی نەتەوەی کورد بەسەر ئەوانی دیکەدا تێدا نییە! کەواتە دوور و بێبەرییە لە تۆمەتی ڕەگەزەکانی شۆڤێنیتی و ڕەگەزپەرستێتی. ئەم دروشمە داوایەکە بە ئاراستەی پرۆسەی ئینتگراسیۆنی ناوخۆدا و بەرجەستەکردنی بیروباوەڕێکە، کە تاکە سەرچاوەی کۆکەرەوەی لێکنەچووەکانی چەمکی کوردبوونە .

هەر بۆیە تا نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان داگیر و دابەش کرابێت، دەبێت هەموو بیر و ئایدۆلۆژی و مەزهەب و ڕێباز و ئامرازی خەبات و تێکۆشان و ڕزگاری هەیە، بکەوێتە دامێن و خزمەتی ئەم دروشمەوە.... دوای سەربەخۆبوون، هەم زەمینە باشتر لەبارە و هەمیش سەرکەوتن مسۆگەرترە، دەکرێ خەبات بۆ داوا و دروشمەکانی تر گەرمتر بکرێن. ئەمەش نیشانەی لۆژیک و واقعبینی دروستە.

بۆئەوەی کوردستانیش بێتە دەوڵەت و هەر نەبێت جێی شانازی نەوەکانی ئایندەمان. دەبێت ئێمەش هەروا بکەین.خۆ گەر نموونەکەی کورد سەرکەوتوو و جوانیش بوو، با جیهان سوودی لێوەرگرێ ...

براله...تۆ ئاماژە بە نموونە جوانەکانی جیهان دەکەیت، دە هەوڵ بدە پەڕۆیەکی خێریان بۆ قازانجی نەتەوە و خاکەکەت لێ دادڕە... بەسە خۆخۆری و ڕک لەیەکتربوون و خۆفرۆشی بە بێگانە و ناپاکی لە نیشتمان ...

با ئەم سەدەیە بکەینەی سەدەی کورد و کوردستان... ئەمەش مەحاڵ نییە، بەس چەکی یەکگرتن و ویست و ئیرادەی پۆڵاینی و بیر و ڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتیکردنی گەرەکە...

دڵنیابە میللەتانی تریش هەروایان کردووە. کاتێ سەرەتای سەدەی ١٩ ئیتالیا یەکی گرتەوە و لەژێر ٣ دەسەڵاتی بێگانە ڕزگاری بوو، لە ٢٥ ملیۆن ئیتالی ١٨ ملیۆنیان خوێندن و نووسینیان نەدەزانی، زمانی یەکگرتوویان نەبوو! فرە دیالێکت بوو، بەزمانی فەرەنسی لەگەڵ یەکتر دەدوان، کەچی ئێستا لەسایەی خەباتی درێژخایەنی چەندین ساڵەی : «ماتزینی و گاریباڵدی و کافور»، ئیتالیا یەکێکە لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان ...

بۆ نموونە لە قۆناغی یەکەمی تێکۆشان بۆ یەکگرتنەوەی و سەربەخۆیی ئیتالیا « گاریبالدی و ماتزینی » پرۆگرام و دروشمی « کۆماری ئیتالیای دیموکرات» یان هەبوو. بە پێچەوانەوە «کافور » باوەڕی بە ئیتالیایەکی پادشایەتی هەبوو. کەچی هەردوولا سووربوون لەسەر یەکگرتنەوەی نیشتمانەکەیان بە کولتوور و رۆحی ئیمپراتۆرێتی رۆما و دەرپەڕاندنی هێزە بێگانەکانی فەرەنسی و نەمساوی و هابسبۆرگی باربۆنی... ئیتالیاییەکان سەرەتا ئیتالیایان لە ئەنجامی یەکگرتنەوە ، جوگرافی سیاسی وڵاتەکەیان دروست کرد، دواتر کەوتنە پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانیان و هاوڵاتی ئیتالیان بە هەست و نەست و باوەڕ و خۆشەویستییەوە بۆ نیشتمان هێنایە مەیدان... بە کورتی ئیتالیا گەرچی خاوەنی کولتووری دێرین و گەورەی ئیمپراتۆری رۆماش بوو، کە بوونە دەوڵەت ئیتالیای سیاسی ئیتالیای ناسنامەی نەتەوەیی دروست کرد. ئەم مێژووی پرۆسەی بە ئیتالی بوونە لای ئەڵمانەکانیش هەمان شێوەیە... دوای یەکخستنی ئەڵمانیا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا، بە هۆی زمان و کولتوورەوە، توانراوە ئەم ئەڵمانیایەی هەنووکە بێتە سەر شانۆی جیهان.

ئەرکەکانی بەردەم کوردیش هەروا قورسن.لەمێژووی داگیرکراوی و دابەشکراوی خۆیدا، زۆر دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە، نەیتوانیوە وەک پێویست بۆ بەرژەوەندی باڵای دۆزەکەی بیقۆزێتەوە. هۆکاری ئەمەش بیرنەکردنەوە و نەبوونی بەرنامە و میکانیزمی پرسی یەکگرتنەوە و سەربەخۆییە...

لەمێژووی نوێدا شەڕی عێراق و ئێران بۆ 8 ساڵ و ناکۆکییەکانی ئێستای نێوان هەر 4 داگیرکەرەکەی کوردستان.

کەواتە پرسێکی حاشاهەڵنەگرە،کەوا تەنها ئەو گیان و باوەڕ و دروشم و پرنسیپەی کوردبوون دەتوانێ لە ڕۆژگارێکی وەک ئێستادا سەرکەوێت بەسەر گیانی حیزب حیزبێنەی سەقەت کە بۆتە جێی مەترسی و هەڕەشەیەکی بەرچاو بۆ سەر چارەنووسی نەتەوایەتیمان.

بەم شێوەیە تا  کورد بە گیان و ئیمانی کوردبوونەوە  نەگات بە دوا ئامانجی کە بە دەوڵەتبوونە، وا لەم مەرگەساتەی ژیان و مردن نایەتە دەرەوە...  واتە بێ دەوڵەتی ماکی کوشندەی هەرە هەرە زۆری دەرد و کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکانی کوردە.

بە کورتی و کرمانجی ئاخر کە دەوڵەتت نەبوو :

*ناسنامەت نییە، لە کۆڕە نێونەتەوەییەکاندا ئامادەییت نییە، دەنگ و ڕەنگت نابینرێ و نابیسترێ، خاوەن دەستوور و یاسا نابیت، جوان پەروەردە نابیت و ژیانت پارێزاو نییە.

*جیهان ناتناسێ و  لەسەرئەتڵەس نەخشەت نییە و  خاوەن دراو و پوول و پەساپۆرت  و سیمبۆلەکانی تری نەتەوەیی نیت و  لێت قەدەغەن و لە لیستی  میللەتانی جیهاندا بەرچاو ناکەویت... هەر دواکەوتوو و بندەست دەژیت.

*هەڕەشە لەسەر بوون و جوگرافیا و فەرهەنگ و چارەنووست هەیە... بێگانە حوکمت دەکات و بێبەریت لە خۆشگوزەرانی ژیان.

*ڕوومەت و ئابڕووی مرۆڤبوونت نییە و  هەمیشە پلیشاوە و شەق تێهەڵدراوی گۆڕەپانیت.

*بوون و  هەبوونت هەڕەشەی لەسەرە  و کۆمەڵێ دەرد و گرفتاری تریش...

دەبا هەموو پێکەوە، بەخەباتێکی ڕەوا و  دڵسۆزانە بۆ سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوون  تێبکۆشن، هەر هیچ نەبێت، ئەو هەموو شوناس و بەها و نرخە پیرۆز و گرنگانەی ئێمەی لێ بێبەشین، بۆ نەوەکانی ئایندەیان مسۆگەریان بکەین... تاوەکو ئەوان  وەک کورد بە سەربڵندی و وەک مرۆڤێکی بە ڕوومەت بتوانن بژین ... بوون و  هەبوونیان پارێزراو بێت.




KURDISTAN
YEREVAN
DIYARBAKAR
VAN
TABRIZ
Mosul
KARKUK
BAGHDAD
TURKEY
IRAN
IRAQ
Hallo Barzinjeyie
18. MAI 2019